# ئاییان بێدەنگ نابێت

ئایان هیرسی (حیرسی)عەلی {Ayaan Hirsi Ali } لەو رۆژانە هاتە ستۆکهۆڵم ، دیسان بە ئاشکرا رەخنەی لە ئیسلام گرت...بە نووسین و بە قسە دژی ئیسلام دەپەیڤی...بە خۆی موسڵمانە و لە خێزانەکی موسڵمان لە دایک بووە......لە هۆڵەندای ئازاد بووە بە نووسەر و سیاسەتمەدار ... ئەو ئازادیە وای لێکردووە ببێ بە ئەندامی پەرلەمان و بەشداری ئەو سیمینار و کڤتوگۆیانە بکات کە باس لە ئیسلام و ئازادی ژن دەکەن...بیر و را و نووسینەکانی بووە هۆی ئەوەی بە نهێنی لە ترسی کوشتن ژیانی رۆژانەی بەڕێ بکات...چەقۆی خستۆتە سەر مل و سینگی ...ئەمڕۆ یا سبەی دەبێ ببێتە قوربانی {شەهید}ی ئەو کەسەی کە خەون بە حۆریەکانی بەهەشت دەبینێ و ئازادی مرۆڤ قەدەغە دەکات... دەبێ پەیمانی ئاییننەکەی بهێنیتە دی.......
ئایان لە ساڵی 1969 لە صومال(سۆماڵ) لە دایک بووە، باوکی بەشداری کاری سیاسی کردووە، بۆیە ناچارکران ساڵی 1976 وڵات بەجێ بهێڵن...یەکەم جار بۆ سعودیای عارەبی و پاشان بۆ ئەسیوپیا و دوایش بۆ کینیا...ساڵی 1992 ئایان وازی لە دایک وباوکی و خێزانەکەی هێناوە و داوای پەناهەندەیی لە هۆڵەندا کردووە... هۆی هەڵاتنەکەی ،نەیویستووە ببیتە هاوسەری کوڕە مامەکەی کە لە کەنەدا دەژی ....
رۆژی 2 نۆڤەمبەری 2004 موسڵمانێکی مەغریبی/هۆلەندی { محەمەد بویاری ( Mohammed Bouyeri )کە لە ساڵی 1978 لە دایک بووە} ، دەرهێنەری بەناوبانگی هۆڵەندی ثیو ڤان کوخ{Theo van Gogh }ی لە شەقام کوشت...
ئەو دەرهێنەرە هونەرمەندە هاوڕێی ئایان بوو، ثیو ڤان فلیمێکی دەرهێنابوو رەخنەی لە ئیسلام گرتبوو...دەقەکە(مانۆس) لە لایەن ئایان نووسرابوو...ئەو روداوە ئەوڕوپای هەژاند...ئەو بکوژە روخساری ئیسلامی لە ئەوڕوپا بە گشتی و هۆڵەندا بە تایبەتی رەشتر کرد...پەیمانەکەی بۆ ئاوارە و پەناهەندەکان کارێکی ترسناک بوو...ئایان لە کاتی کارکردنی وەکو وەرگێڕ لە دەزگای پەناهەندەکان تووشی ئەو ئافرەتە موسڵمانانە بووە کە لەلایەن هاوسەرەکانیان ئازاردراون....بۆیە هەردەم بە ئاشکرا داوای مافیان دەکات ....ئایان هەتا زوو بگاتە بەهەشت ،لە تەمەنی 15 ساڵان خەونی بەو رۆژە دەبینی کە ببێتە شەهید لە پێناوی بیروباوەڕەکەی ...هەندێ کەس ناویان لە ئایان ناوە سەلمان روشدی هۆڵەندا....ئایان بەردەوامە بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەینی بە خەڵک ، بەڵام د. سەید قمنی (القمنی) نووسەری بەناوبانگی میسری لە ترسی کوشتن وازی لە نووسین هێنا تاوەکو زیاتر بژی ....ئایین هیچ کاتێک نەیتوانیووە رێگا لە بیروباوەڕی مرۆڤ بگرێت و ئێستاکەش ناتوانێت لە سەر ئەو رێبازە بەردەوام بێت ...مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت و بە ئازادیش بیر دەکاتەوە.

*فــەهــــد گـــردەوانـــی 2005/9/5ستۆکهۆڵم*